

# وەک کەسێکی بێ وەی

**دیدار مەسیفی**
**(کەنەدا)**

بەرد شەق با ، ناوی خۆمتان پێ ناڵێم. دەزانن بۆ؟! چونکێ من گەرەکمە بۆ هەمیشە لە دەرەوەی کات بم، وەرن با وێکرا گەشتێکی خێرا بە نێو ڕووداوێکی لە پڕی نێو ژیانمدا بکەین و وێجا دەزانن کە بۆچی لەبڕی بڕگەی (لە دەرەوەی کات بم.) نەمگوتووە لە دەرەوەی کات بژیم، پشتی ئەم ڕووداوە، بۆ من بوون و نەبوون چیدیکە ئەو مانایە باوەیان نەما و لەوەتەی بڕیارم دا ماڵەکەم بەجێ بهێڵم، مینا تیپی (نوون) بە تاق و تەنیایی مامەوە، من بە سەر جادە تەڕەکەدا دەڕۆیشتم و ئیدی ماڵەکەم جانتایەکی سپی بوو کە وێنای تیپێکی (نوون)م بە سووراوە سواوەکەی دۆستەکەم، بە گەورەیی لە سەری نوسیبوو، لەگەڵ هەنگاوەکانم چاوەکانم دەبردنە سەر جانتاکەم و تیپەکەمم لەوێ دەدیت و هەستم دەکرد خۆم لەگەڵ خۆمدا پیاسە دەکەم، نوونەکەم وەک نەهەنگەکەی حەزرەتی یوونس زاری بەش کردبووەوە و داوای ڕاڤەکردنی خۆی لێ دەکردم، بۆیە بە ناچاری لە باخچەیەکی دوور و پیسنەبوو بە دەنگی پارە، لە ژێر دار چنارێکدا ڕۆنیشتم و جانتاکەم وەک شاشەیەکی بچووکی سینەما لە پێش خۆم دانا. بە پشوویەکی زۆرەوە لە تیپە جوانەکە ڕادەمام و گەلێک مکوڕ بووم لەوەی هیچی پێشتر و داهاتوو نەهێنمەوە نێو زەینم، لە بوون و نەبوون خۆمم خاڵی دەکردەوە و دەبووم بە نوختەکەی تیپی (نوون) و ئەستێرەیەک کە لە ڕۆژی ڕووناکدا بدرەوشێتەوە.

تیپی (نوون) لە بەردەمم لوغزێکی سەیربوو و خەریک بوو بۆم شەن و شیتەڵ دەبوو و هەستم دەکرد مانای دروستی بوون و نەبوونم پێ دەڵێت. بەڵێ، دەتگوت ئەم تیپە بازنەییە شەرحی هەموو تیپ و وشە و ڕستە و نووسینەکانی نێو کتێبەکانی پێیە! من وەهام دەزانی نوختەکەم و چەندەی بەرەوە ناخی خۆم شۆڕببمەوە، ئاسانتر دەتوانم لێوەکانی تیپی (نوون) وێک بهێنمەوە و بازنەکەم دابخەم، لێرەوە بزەیەک دەهاتە سەر لێوەکانم و خۆمم لە زۆرابی خاڵم شادمانتر دەبینی کە بە هۆی ئیگۆی گەورە و ناجۆرییەوە هێندە بەرەو دنیا دەرپەڕیوە، (نوون)ەکەی شێوەی دەفرێکی خواردن،

تەختێکی... کردن، یانیش تابووتی مردووی وەرگرتووە و زارەکەی بە ئۆمەتی محەمەدیش داناخرێت.

من هەنووکە تەنێ بە قاڵبوونەوەم لە تیپی (نوون)ی سەر جانتاکەم و ژیانی باوکم و هی خۆیشم، دەرکم بەوە کردووە کە هێزێک هەیە کات دەفرێنێت و دەشێت لە چرکەیەکدا دنیایەکی مەزن و بێ ژاوەژاوی کاتت پێشان بدات، بۆیە ئەگەر هەر لەوێ بمێنمەوە، دەبم بە کەسێک کە خۆم نیم، من لەوێندەرێ نە ناوم هەیە، نە تەمەن و نە هەزار و یەک شتی دیکە کە بە مانەوەم لەوێدا مردن و ژین هەر ناناسم. من نە گەنجم و نە کاڵ و چ جاران بە قورمیشکردنی کاتژمێرەکەم خەریک نیم، ڕۆژگارەکانم گەلێک زۆرن، لێ من ماوەیەکی چەندە درێژە، یان کورت دەژیم، نازانم!

من بە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە وەها بە خێرایی، گەرەکمە لە دوورەوە قوفڵێک لە بوون بدەم و کلیلێک بۆ دەرگای نەبوون بدۆزمەوە، بۆیە تیپی (نوون)م کردووە بە دۆستم، یان بە خۆم و نازانم لە دوای مانەوەم لەم باخچەیەدا بەرەو کوێ دەچم.

زۆراب کە هات سەروسیمایەکی سەیر و ناوازەی هەبوو، لە پێش چاوانم دەتگوت جنۆکە چاکەکانە کە داپیرەم لە حیکایەتەکانی هەمیشە باسی دەکردن، ئەو لەسەر جادە تەڕەکەدا بەرانبەرم وەستا و گوتی "خوشکم خوشکی دایکتە!" نازانم لەبەرچی نەیگوت کە ئەو خاڵمە! چش لەوەی من هەمیشە لە هەڵەتی منداڵیدا، خاڵخاڵۆکەم لەسەر پشتی دەستی ڕاستەم دادەنا و بە دەنگەوە دەمگوت "خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵم لە کوێیە؟" لەبەر چی وەهام دەگوت!؟ نازانم، لێ من سوڕ دەمزانی چ تاقە خاڵێکم لە دنیادا نەبووە، چ جای ماڵە خاڵ! دیارە باپیرەم لە پاش سەرهەڵگرتنم لە هەڵەتی پیریدا ژنی دیکەی هێناوە و ئەم خاڵە زۆرابە سەر قرژنەی بۆم لە بنی دنیاوە پەیدا کردووە.

لە ژوورەوە و لە شووشەی پەنجەرەکەدا تەماشای بارینی بارانم دەکرد کە چۆن دڵۆپە گەورەکانی لە سەر جادەکە هەڵدەبەزیبیەوە، سەبرم نەگرت و چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی زووتر بگەمەوە ماڵ و بە دیار ئاگردانە کارەباییەکە کتێبێک بخوێنمەوە کە ماوەی گەڕاندنەوەی بۆ کتێبخانە دەمێکە بەسەرچووە، بە زۆر خۆمم بەرەو دەرێ پاڵنابوو و بیرم دەرکردەوە چەترەکەم هەڵبکەم، کە گوتی "من زۆرابم!"

لەم دنیا تەڕەدا ناوی زۆراب زۆر لە پڕ بوو و دەتگوت باڵندەیەکی پەڕوباڵ تژییە لە ئاوی باران و پەیامی تووڕەبوونی خودای هێناوە، بۆیە لە بری ئەوەی لە ڕوخساری ڕابمێنم، ڕوانیمە ترۆپکی ئاسمان و مەزندەم کرد ئێستا کونێکی فرەی لێ دەبێتەوە و لافاو دەڕژێت، بە بیستنی ناوی زۆراب دەنگێکی قووڵ لە ناخمدا پارچەیەکی مەولەوی بەڵخی دەهێنایەوە نێو زەینم و بە دەنگێکی گڕی مێیینە بە فارسی لەسەرخۆ دەهۆنییەوە:

**اب زور و اب شهوت منقطع**
**او ز خويش و ديگران نا منتفع**

بارانی زۆر و هاتنی زۆراب- یادی دوا تنۆکە شەهوەتی باپیرەم، لە پڕ بارێکی وەها سەیریان بۆ دروست کردم کە خۆم و شار و بابەتی ئەم کتێبەی لە ماڵەوە بە تەوسەوە دەمخوێندەوە لە بیر بکەم، نەفرەت لە کات بێت چ پارادۆکسێکی سەیر و لە شان گرانی هێناوەتە ئاراوە و چ جاران بەرۆکمان بەرنادات.

بە زۆرابم گوت "تۆ خاڵمیت سەر دڵ و سەر چاوان، بەڵام تکایە بە ژاوەژاو و جووڵە و سەرکێشی و ئارەزووە نەبڕاوەکانی باوکت مژوولم مەکە!" من بە باپیرە ناویم نەهێنا وەک ئەوەی کەسێکی بێ وەی بم و نەمەوێت چیدیکە لە فۆرمی وێنەدا بە باوکی خاڵم و خەڵک و خاک خەریک بم و وەبیرم بێتەوە چۆن وێنەکەی ئەو هەمیشە بە دیواری دیوەخانی ماڵی دایکم هەڵواسرابوو، بەرلەوەی وێنەکە بە خۆیەوە مژوولم بکات و منیش بکەومە نێو بەزمی وەسفی باپیرەم، خۆمم لە بیرکرد، کەچی هەر گەرەکم بوو شتێک بڵێم و ناوێک بۆ خۆم هەڵبژێرم.

ئەرێ وەک هەڵگێڕانەوەی زۆر لە ناوی شوێن و جادە و کەس و شتگەلی دیکە، خووم بە هەڵگەڕاندنەوەی کات گرت، چونکێ خوولانەوەی میلی کاتژمێر چ جاران جوانی گەردوونی پێوە دیار نییە کە چۆن لە دەرەوەی کات خۆی و خەونەکانمی پێ بادەدا. ناوم ماماتکە وەک ئەوەی بیێژم "دەردت لە دڵم ئەی کات، لە دەرەوەی تۆ چاتر مام، یانیش ماوم و دەمێنم!" من وەکی سێبەرێکی هەڵگەڕاوە بۆ کات، یان پارادۆکسێک نامەوێت چ تاقە ژمارە و ناوێک بە تەوێڵمەوە بنووسێنم و بمکات بە کەس، لێ هێشتا بۆ ئەوەی گێڕانەوەکانم سەرەداو و بنەداو و کلک

و گوێیان هەبن و لە کاری مرۆیەکی زیت و بە سەلیقە و بێ ئیگۆ بچن، بڕیار دەدەم کاتێکی پتر بە زۆرابی خالّم بدەم کە لە چاو من ئەگەر هاوسەرگیریم بکردبایە، مینا کوڕێکی نەبووم بوو.

لە باخچەکەدا کە لە تیپی (نوون)ی سەر جانتاکەم ورد دەبوومەوە و کەمێکی مابوو لە بری مامتاک ناوی خۆم بگۆڕم و بیکەم بە مەم نوون! دەرکەوت ئەو ناوەیش وەک ناوی مامتاک بۆ خۆم گەلێک جوان و سەرنجڕاکێش بوو، دەمتوانی ئەو دوو مانا وزەبەخشەی تێدا ببینمەوە کە لە یەکێکیان مەمی زین بم و لەوەی دیکەیش سپاسگوزار.

ئێمە دوو برای دووانە و پشتی بووین، بە مەرگی ئەو ئەژنۆم شکا و ئیدی ژن و ژین بە پەرژین هاتنە پێش چاوم و هەتا لە پڕ بە سەڵتی هەڵەتەی ئەودیوی ئۆقیانووسەکان بووم، ئیدی کەوتمە نێو هەرێزی کتێبان و خووم بە هەڵگێڕانەوەی لاپەڕان گرت، خۆ ئەوینێکی گەرمیش لە ژیانمدا هەیە و زۆراب زۆری لێ کردم کە سەربووردەکەی بۆ بگێڕمەوە، بەر لەوەی بیکات بە هی خۆی.

ئەو بڕیارە ژیانی باوکیشی لەگەڵ هی من بەراورد و تێکەڵ بکات و بزانێت بە چ هۆکارێکە باپیرە و نەوە لە دوو ئاقاری جودادا ئەسپی ژیانیان تاودا و هەریەکە لە دۆڵێ، شمشاڵی خۆی ژەنی، باپیرەم بە دەر لەوەی ئاغایەکی بە دەسەڵات بوو، شمشاڵژەنێکی بێ وێنەش بوو، لێ من هێندەی کردم بەم ئامێرە فلووتە تازەیەی لە دوکانیکی مۆسیقا لە داونتاون کڕیبووم، نەمتوانی بۆ جارێکیش دەنگێکی ئاسایی دەربهێنم، بە برامم دەگوت کە هێشتا نەمردبوو و ئیسراحەتی نەکردبوو، بۆ نایەیت وێکڕا بچینە ئەورووپا، دنیای مۆسیقا و جوانی، ئەو هێشتا خەتی سمێڵی دانەنابوو، لێ ئەو دواتر بە دەیان جار نێوانی کەپووە گچکەکەی و لێوە پڕەکەی تاشیبوو و لە باخچە و ڕێگە و بانان کە وێکڕا تەنیا دەبووین، یەخەی دەگرتم و دەیگوت "...ی برا، دەبا بڕۆین بۆ خاریج!"

باپیرەم باکی بە دووری ئێمە نەبوو، چونکێ من و براکەمی کەمتر لە نەوەکانی دیکەی بینیبوو! هۆکارەکەیش ئەوە بوو، دڵی لە دایکم ڕەنجابوو لەوکاتەوەی وەدوای پێشمەرگەیەکی بیروباوەڕ سوور کەوتبوو و قسەی وی شکاندبوو، ئەو ئاغایەکی بالآبەرز بوو، لێ دڵی یەک پارچە گۆشت و ماسولکەی پڕ لە پارادۆکس بوو، وەک هەر شتێکی دیکەی نێو کات و دنیای بینراو، دڵی ئەو بە یەک کردار، ئاخاوتن و جووڵەیەک چەندان جار گەورە و بچووک دەبووەوە، بۆیە لەم دابڕانە مەزنەمدا کە زۆراب بە دڵێکی خۆشەوە لەسەر جادە تەڕەکەدا ناوی هێنا، من نەمزانی دەستە گەورەکەیم وەبیربێتەوە کە لێی دام، یان لێو و سمێڵە زەرد و بابڕەکەی کە هەموو جارێک لە دوای ماچ ڕوومەتیان سوور و هەراسان دەکردم، مەرج نییە من لێرە هەموو شتێکی تایبەتی ژیانی ئەو بگێڕمەوە، هێندەی پێم خۆشە باس لە خەونەکانم بکەم و بگەڕێمەوە نێو دنیای ئەم پیرە پیاوە کۆن و زیتانەی کە بە ئاخاوتن و پەیامە ئاگرینەکانیان دەبم بە ژیلەمۆ و هەڵدەبم.

کیژە ژاپۆنییەکەی دۆستم لە پڕ گەشتی بۆ زێدی خۆی بۆ ناکازاگی کردبوو، بۆیە بە زۆرابی خالّمم گوت چەندە بەختیارە کە دەشێم لە ئەپارتمانە گچکەکەم جێگەی بکەمەوە، یان هێندێک کاتی پترم بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بم هەتا ئەویش لەم وڵاتە ساردەدا گەرم دەبێتەوە و دەکەوێتەوە سەر پێی خۆی، هەرچەندە من لەسەر پێی خۆم نیم، هەست دەکەم دەفڕم، خەڵکی دەبینم سەریان لە زەوین چەقیوە، یان پێیان، دەڵێیت نێرگەلێک، یان مێگەلێکن لە ژمارەی حەفت و هەشت، بەڵێ، هەمان ئەو دوو ژمارە پارادۆکسەی نێو ژماران کە لە میلی کاتژمێر دەچن، نەوەک لە باڵەکانم.

من هەتا گەیشتمە ئەو وڵاتە سارد و دوورە، سەرم لە دار و بەردی زەوین دا و لەسەر سنوورەکانیش بە ڕژانی ئارەقەی دەست و پێیەکانم دەرباز بووم، لێ هێشتا نازانم زۆرابیش وەک من بەم چەرمەسەری و ناخۆشییانەدا ڕەت بووە، یان نا؟ ئایا دەبێت پێشتر زانیبێتی خالۆزایەکی هەبووە کە لە هەموو شتێک پێچەوانەی من بووە، ئەو کۆک و بالآبەرز و دڵنەرم بوو و ناوی ماکۆک بوو.

من لێرە کە ناوم لە خۆم نا مامتاک، ژانێک یەکسەر دای لە جەرگم و دەنگی (ما) هەتا نێو بنەبانی ڕوحم چوو و بە دەنگی (ک) یش بە زیندوویی کون کون بووم، بە تایبەت کە وەبیرم دەهاتەوە چۆن تەرمی خوێناوی ماکۆکم بە دەستی خۆم لە ئۆتۆمبێلەکەدا ڕاکێشایە دەر کە لە پەنا کەڤرێکی مەزندا هەپروون بە هەپروون ببوو، هێندەی وزە و نەفەسم تێدابوو بە خێراییەکی لە من

نەدیتراو بەرەو گوندەکە دەچووم کە نزیکەی چوار کیلۆمەتر لە جادە قیرەکە دوور بوو.

بۆیە جادەی قیر هەمیشە شتم وەبیردەهێنێتەوە، هەرچەندە لە ژێر لێزمەی باراندا جادەکەم نەدەبینی و بە پیادە ڕەوییەوە شوێنی خاڵمم لە ژێر چەترەکەدا کردبووەوە و بە پێی وی دەڕۆیشتم. بە درێژایی نزیکەی شەش کیلۆمەتر بەرەو ئەپارتمانەکەم، خاڵم دەیان ئاخاوتنی ڕەنگاوڕەنگی دەگێڕایەوە کە شتێکی بێڕەنگی وەک بارانی بە تەواوی لە زەینم دەرکردبوو، بە بێ ئەوەی ئاگاداربم لۆگۆ و تیپە زەردە گەورەکەی مەکدۆناڵدز سەرنجی خاڵە زۆرابی ڕاکێشا و دەتگوت شتی وەهای پێشتر نەبینیبوو! بۆیە باسکردنی باپیرەمی لە شوێنێکی سەیر و ترکزەدا وەستاند و ئاورێکی ناوەختەی لێم دایەوە، من لە نێو تەمومژ و هەڵمی هەناسەیدا بەر چاوانم لێڵ بوو و یەکسەر لۆگۆ و تیپە (M)ـە گەورەکەی مەکدۆناڵدزم بە هەر چوار هێڵە چەماوەکانییەوە لێ بوو بە دیمەنی قاچ و ڕانەکانی داپیرەی ژمارە چوارم کە بە دەم فرێدانی ئەم خاڵە زۆر بلێ و سەر قرژنەم لە سەر پشت ڕاکشابوو و ئارەقەی ڕەش و شینی دەردابوو، ئیدی لە زەینمدا کەچەپ و فرایز لاچوون و مەلۆتکەیەکی نێو خوێن و خیزاوم بۆ دەرکەوت.

باپیرەم لە پەنجەرەی دیوەخانەکەیدا بۆ هەواڵێکی دڵخۆشکەر وەستابوو، پاش ئەوەی چەندان جار بە وەرگرتنی پەیامی "کچە!" گوێیەکانی مووت دەبوون و لۆچەکانی دەموچاویشی درێژ و قووڵتر، ئەو شەش و شەش دەیەی تەمەنی بەڕێ کردبوو، کەچی هێشتا قاقایەکی هێندە گەورەی لێ دا کە دیوەخانەکەی لەگەڵ خۆی هەژاند! دەرگاکە کرابووەوە و پێیان گوتبوو " ئاغام کوڕێکی وەک مانگ جوانت بووە!" ئاغا پێش پەنجەرەی بەردا و بەم هەواڵە ئاوێکی زۆر لە چاوانی زا و هاواری کرد "با ناوی بنێن، زۆراب!"

ئێمە هەر کە گەیشتینەوە ماڵەوە، زۆراب بەهۆی ڕۆیشتنە درێژەکەی ژێر باران و کرژبوونەوەی میزڵدانی، بێ پرسیارکردن لە من، زوو دەرگای تەوالێتەکەی دیتەوە، لە ژوورەوە هاوارێکی کرد و گوتی "خاڵۆ گیان، بۆچی ئەم تۆپە کلینیکسەت بە پێچەوانەیی داناوە؟" ئەو هەڵوەستەیەی زۆراب، لە پێشهاتێکی دووبارە دەچوو، چونکێ لەگەڵ دۆستەکەیشم هەمیشە لەسەر هەڵواسینی کلینیکسەکە کێشەمان دەبوو، من هەموو جار کلینیکسەکەم بە پێچەوانەی باو دادەنا و ئەو دەچوو هەڵیدەگێڕایەوە! لێ ئەو هەرگیز هەڵنەدەچوو و بە پێکەنینێکی شیرین لە دەنگی ئەم فلووتە دەچوو کە کڕبووم و نەمدەزانی بیژەنم، دەیگوت لە ژاپۆن جادە و ئۆتۆمبێل بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی دنیا بار هاتووە، لێ منداڵیش لە دانانی کلینیکسی تەوالێت هەڵەناکات.

دۆستەکەم هەتا منی بە چاکی نەناسیبوو، هەر لەم جۆرە گازندە شیرینیانەی دەکردن، بەڵام کە زانی من بە ئەنقەست کاتژمێر هەڵناگرم و باسکردنی کاتم وەلاوە ناوە، هەروەها کلینیکسەکەیش وەها بە ئەنقەست بە پێچەوانەیی دانانێم، زوو وازی هێنا، لێ بە نەبەزی، ئەو هێڵی ململانێکردنی لە ژێرەوەی سفر دابوو و هەموو شتێکی بە قوربانی ئەوینەکەمان کردبوو.

زۆراب لە تەوالێت هاتەدەر و وەک ئەوەی بزانێت لە دڵم گرانە، لە شوێنی دۆستەکەم دانەنیشت، چەندە زۆراب لە بێ نازی باوکی گەورە بووبوو کە دواجار ئەو بە هەبوونی کوڕێک، دوای باوکایەتی کردنی بۆ شەش کچ، دووکەڵی دوا جگەرەی بۆنداری دەشتی بێتوێنی بە دڵێکی خۆش هەڵکێشا و وێجا سەری خستە سەر بالیفە گەورەکە و بە ئارامی سەری نایەوە.

منیش هێندەی ئەو ماوەیەی لەگەڵ دۆستە ژاپۆنییەکەم پێوەندیم هەبوو، ڕوخساری و دوو چاوی ڕەشی بە بەردەوامی بە کورسییە جوانەکەوە نووسابوون، هەرچەندە زۆراب لە سەر کورسییەکەیشی دانەنیشتبوو، لێ لە پێش چاومدا لە بری ئەم خاڵە سەیر و مێوانە تازەیەم هەر ڕووی دۆستەکەمم دەدیت و بەس.

من وەبیرم هاتەوە و دەتگوت هەر بە ڕاستی لە دەرەوەی کاتم و شتێک لە ژیانمدا نەگوزەراوە، چونکێ دۆستەکەیشم وەها لە ڕۆژێکی باراناوی ناسی و بە درێژایی ڕێگا و بە هۆی چەترەکەمەوە نەمهێشتبوو یەک بستی لەشی لێ تەڕ بێت، بۆ ئەوەی دواتر ئەو بشێت قژە ڕەش و قەترانییەکەی بە بێ کێشە لە پێش ئاوێنەکەدا دابهێنێت کە لەوەتەی دروستکراوە لەوانەیە کەسێکی لە شێوەی وی لە بەرانبەریدا نەبینیبێت.

زۆراب چ جای ئەوەی خاڵم بوو و خوێنی یەک باو لە دەماری هەردووکمان دەگەڕا، لێ من بە بینینی هەر

کەسێکی دیکە کە بۆنی زێدمی لەگەڵ خۆی هێنابێت و بە تایبەتیش لە شاربازێڕەوە و گەیشتبێتە ئەودیوەی دنیا، کەیفم دەکرد، ئەرێ، هێندە خۆشحاڵ دەبووم و خۆمم وەکی شاهی نەقشبەند دەبینی کە لە بری ئەم شارە گەورە و زەبەللاحانەی هەنووکە لە دنیا پەیدا دەبن و مرۆ دەکەن بە کۆیلەی مۆدێرنی دەبەنگ و بێدەگ، بە خەیاڵ منداڵ بووبوومەوە و دەستی دایکمم گرتبوو کە گوتی "ئێرەیە شاربازێڕ، جوانترین وڵاتی دنیا!" من منداڵ بووم و نەمدەزانی چۆن وشە و کات لەبەر یەکدی هەڵتەکێنم و لە ناوی ئەم شوێنە تارمایی دوو شار ببینم کە یەکەمیان بە زاری سۆرانی وشەی (شار) و دووەمیشیان بە زاری کرمانجی وشەی (بازێڕ)ی لە سەر دەروازەکەی نووسرابێت.

زۆری نەخایاند من و دایکم گەیشتینە لای باوکم کە لە ئەشکەوتی شاخێکی ڕک و عاسێ خۆی حەشاردابوو، ئەو سەر و ڕیشی هاتبوو و بۆنی لێ دەهات، هەر کە ئێمەی دیت وەک مۆم گەشایەوە، سەرەتا منی ماچ کرد، بەرلەوەی دایکم لە باوەش بگرێت و لە پێش چاوانم تێر تێر بۆنی بکات.

زۆراب کە هاتبوو هەرگیز بەم شتانەی نەزانیبوو، ئەو پتر گوێی دەدایە لاسایی نەکردنەوەی ژیانم لە بری ئەوەی ڕووداوە ڕاستییەکانی بگێڕمەوە، ئەو وەک مرۆگەلێکی دیکەی بێ سەروبەر کە نەمدەناسین، بۆ خەونێکی خۆش هاتبووە ئەم دیوەی دنیا، بۆیە گەرەکی بوو من هیچی بۆ نەگێڕمەوە، زۆر خەندەی دەهاتێ کە باسی پاڵەوانانی ڕۆژانی گۆرینم بۆی دەکرد، باوکمم وەک یەکێک لەم نموونە دەگمەنانە دەبینی کە لە باوکی دایکم و زۆرابم پتر خۆش دەویست و پتر پێی سەرسام بووم، ئەوەیش هۆکارەکەی هەر ئەوە نەبوو کە باوکی ئەوان ئاغا بێت و هی منیش هەژار و گیانبەختکردوو، لەو ڕۆژەوەی ڕووی باوکمم بینی کە چۆن نێو ئەشکەوتەکەی ڕووناک کردبووەوە، هەستێکم لە لا دروست بوو کە هەتا ئێستایش دوای بینینی ئەم هەموو سەراوودەراوەی ئێرە، جارێکی دیکە بۆم دووبارە نەبووەوە.

"خوشکەزا گیان، ئەگەر بزانیت بە چەند پارە دەتوانم دوکانێکی وەها وەک ئەو مەکدۆناڵدزە بکڕم!؟"

بەم پرسیارە لە پڕەی زۆراب، موو لە سەرم وەستان و نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، لەوکاتەی من پتر لە دوو دەیەی تەمەنم کار دەکەم و ڕادەکەم و دەکۆشم و بە حاڵ دەگەمە سەری مانگ، کەچی خاڵم بە گیرفانی پڕ هاتووە و دەیەوێت بگات بە ئەستێرانیش، بۆیە بەزەییم بە حاڵی خۆم داهات کە بە تەنیشت ماکدۆناڵدزەکە ڕەت بووم و وەهام مەزەندە کردبوو کە ئەو هەرگیز لۆگۆکە و تیپە زەردەکەی لە نزیکەوە نەبینیوە.

کە لە تەوالێتەکەی ماڵ هاتە دەرەوە دووبارە بە پرسیارێکی دیکە شۆکی کردم کە گوتی "خوشکەزا گیان چۆن لەم شوێنە بچووکە دڵت ناتەقێت!" لە دڵی خۆمدا گوتم خۆ دڵم بڕنۆکەی باوکت نییە بە بێ فیشەکیش بتەقێت، بە دەستی خۆم نەبوو نەمتوانی چ تاقە مەیلێکم بۆ بیستنی ناوی تفەنگی بڕنۆ هەبێت، بە تایبەت کە زانیبووم بەکرۆکەیەکی باپیرەم، لە دوورەوە بۆ شەهیدکردنی باوکم، چەند جارێک سێرەی لەو گرتبوو و هەتا ڕۆژێک دەست و لاقی لێ بریندار کردبوو.

پاش ڕۆیشتنی یەکجارەکی باوکم، بوون و نەبوون لە کن من نەمان و خۆم دا دەستی با و ڕۆژگار و خەمی کاتم لە خۆم نەکردە بار، سمێڵم زوو هات و نەمویست لە خوێندن بەردەوام بم، چووم بە گژ سنوورە بڤەکان و بە ترس و خوێنی دەست و لاقانم لێیان پەڕیمەوە و خۆمم نەجات دا، ئیدی دڵم بە یەکجارەکی لەم شوێنە ڕەنجا کە تێیدا باپیرەم بە گشت زوڵم و زۆری هەر پتر دەژیا و باوکیشم بە خۆبەختکردن و دڵی پڕ نووری هەتا دەهات زیاتر لە بیر دەکرا.

لەگەڵ زۆراب دەهاتم و دەچووم، دەئاخڤیم و دەسازام، دەکەنیم و دەتۆرام، لێ دوا جار هەتا بڵێیت دوو مرۆی جودابووین، ئەو بە ڕژدی و بە خۆشی بە دنیاوە نووسابوو و منیش بووبووم بە کەسێکی بێ وەی و لە مێژ بوو لە هەموو شتێک بووبوومەوە و دابڕابووم.

بۆیە هەر لە کۆتایی وێکڕا ڕۆیشتنەکەمان لە ژێر باران، پێویستیم بەو ئەنجامە نەبوو کە بزانم هەویرەکەی زۆراب چەندەی ئاو دەوێت و خەونەکانیشی بە چوار پەل چەندە لە هی منی بە باڵ جودان. ئەو زوو زانی بە هاتنەوەی دۆستەکەم جێگەی لە ماڵەکەم لەق دەبێت، کەچی هێشتا دەیپرسی و دەیپرسی کە کەنگێ دەگەڕێتەوە. ڕاستییەکەی من خۆم حەزم بە گەڕانەوەی نەمابوو سەرباری ئەوەی زۆریشم خۆش دەویست، چونکە لەم زۆرابە نیگەران بووم و هەستم دەکرد ئەو ڕێک

مۆدێلێکی سەیری نەوەیەکە کە بە هۆی بەهرەمەندبوونیان لە دنیـای تەکنۆلۆژیا و بازاڕ و پارە، وەک گـورگـیـان لێ هاتووە و لاپەڕەیەک بۆن ناکەن کە چەور نەبێت بە ڕۆنی دۆلار. زۆراب هاتنەکـــەی پەرۆشی بوو بۆ ژن و پارە و خـۆشـیـیـەکـانی ژیان، بۆیە هێندەی باسی دۆسـتـەکـەم و وڵاتی ژاپۆن و بەهرەمـەندبوونی لە شـتـەکـانی ڕۆژئاوا دەکرد، هێندە پەرۆشی ئەوە نەبوو کە ئەو خـاڵـمە و وا لە ماڵمە!

زۆراب ناوی دایکمی نەدەهێنا و هەر دەیگوت خوشکم و بەس. من هەر لە سەرەتاوە بەم ناو هێنانەی دایکم بە خوشک شادمانی داینەگرتم و پێشتر پێی ڕانەهاتبووم و نەمـزانـیـبـوو کـە دایکم برایەکی هەبووە یان نا؟ لێ، دڵم فــەرامـــۆشی ئەوەی نەکـــرد و وەهای پێگوتم کـــە تاقیکردنەوەیەکی بکەم.

"خاڵە زۆراب، ئەرێ بە ڕاست دایکم ناوی چی بوو!؟"

زۆراب کەمێک وەستا و زاری تەتەڵەی کرد و دوا جار خۆی بۆ نەگیرا و گوتی "ماڵت نەشێوێت ئەم پرسیـارە لە پڕە چییە، خۆم من لە دائیرەی نفوس نەهاتووم، من لەوێ سەد کار و بزنسم بەجێ هێشتووە، ئێستا هاتووم و ناوی دایکی مردووت بۆ تۆ گرنگە! "

بەم وەڵامـەی زۆراب مـوو لە سـەرم وەسـتـان و هەسـتم کرد بە هاتنی بۆ نێو خەونێکی ناخۆش وەئاگا هاتبووم، ئیدی دوا پرسیـارم بوو لەو و بە خۆمم گوت چاترە هەر بە پاسـیـڤی بمێنیت و هەتا ڕەشـەبایەک لە پڕ هەڵدەکـات و گشت ئەم گورگانە ڕادەماڵێت.

دۆسـتـەکـەم لە پڕ لە دەرگـای دا و زۆراب پێش من ڕابووە سەر پێ و دەرگای بۆ کردەوە و یەکسەر لە باوەشی گرت، من بەم کارەی دیسان مـوو لە سەرم وەسـتـان، لێ هەر بە پاسـیـڤی مـامـەوە و بەو ئومـێـدەی هێـزێک لە دەرەوەی خـــۆم بێت و ئەم دونیـــایەم بۆ هێـــژا و ژیار بکاتەوە، ئەو هەر زوو لەگەڵ دۆسـتـەکەم گـفـتـوگـۆیەکی گـەرمی هەڵبـەست و بە زمـانێکی پڕ لە هەڵە ناوی ئۆتۆمبێلەکانی وەک لیکسز و تۆیۆتا و ئینفینیتی هێنانە گۆڕێ، ئەو بە دەنگی (خا) کەی کە پێی بووبووە خاڵم، ڕۆڵی خاوەنماڵیشی دەگێڕا و گەرەکی بوو بە یەکجارەی دەستم و دۆستمم لێ بستێنێت.

دۆسـتـەکـەم لە پێش چاوانم و لە بەرانبـەر زۆرابی خـاڵـمدا دەتگوت کـەسێکی دیکەیە و لە فـیلمێکدا ڕۆڵێکی پێـچـەوانە دەبینێت، یان دەتگوت لەو بارە ناجۆرەی ماڵەکەم شێواوە و نازانێت چۆن ڕەفتار بکات، من نەمـدەزانی چی بکەم و چی بڵـێم، چونکە لەوەتەی بیری خاڵم لە ژێر باراندا بە تەڕی خوێندبووەوە، بڕیارم دابوو بە پاسیڤی بمێنمەوە و بزانم هەویرەکەی ئەو چەندەی ئاو دەوێت.

ئێستا کاتی گێڕانەوە و هەر بەڕاستیش کاتێکی وەهام لەبەر دەستـدا نەمـاوە، خاڵم منی لەبیـر نەمـاوە و باکی ئەوەی نییـە کـە من لە ژیاندا بمێنم، یان نا! چۆن باوکی ئازیز و خۆبەختکردووم لە کن ئەو بوونی نەبووە و نییە، ئەو منیشی هەر وەک سەکۆیەک تێپەڕکرد هەتا پێیەکانی بە تەواوی خسـتـە سەر چاوی ئەم وڵاتە دوور و نامۆیە و ئیدی خۆی بوو بە من و بۆ هەتا هەتایێ منیشی لە نێو بوون و نەبووندا سڕیەوە!